# بیست خولەك بەر لەئێستا

**سیروان کەریم**

قسە لە هەزاران ڕۆح دەکەم کە نەیانزانی بۆ کوێ دەبرێن لە کوێ دەمرن، قسە لەگەڵ بیست خولەکدا دەکەم کە هیچ خولەکێکی لەساڵێکی ئەم دنیا کەمتر نییە، بەسەرهاتێك دەگێڕمەوە هیچی کەمتر نییە لەو چیرۆکە تراژیدیایانەی لە دەم پیاوێکی حیکایەت خوانی گۆچان بەدەستەوە دەبیستریٚ، ئەمجارەیان ڕەنگەکان دەناسێنێت و جۆرەکانی مردن پێناسە دەکەین و جیاوازی لم و سەوزای دەکەین .

دەنگی هاواری باڵندەیەکی بیابان لەگەڵ ئێسکێك دوای بیست خولەك دەیەوێت لە گۆڕێکی بیٚ کێلەوە هەڵسێتەوە ، هاوارێك بکات ، تەنها لەهاواری ئیزرائیل کەمتربێت، خودایە دەبێت کەسێك ئەمجارەیان گویٚ قوڵاغ بێت بۆ بەسەرهاتەکەیان، دەبێت ویژدانی ملرۆڤەکان لەق بکات ، ئیٚ هەرچۆنێك بێت لە حیکایەتەکانی تر دەکات ، ئیٚ دەبا نەنوسین !. نامن بۆئەوە دەنوسم مەرەکەبی ئەم قەڵەمە بەسەلر پشتی لمێك خاڵی بکەمەوە کە هەموو شەوێك گلەیمان لێدەکەن، ئەوان سوێندیان داوم وەکو خۆی بینوسمەوە یاساکانی ژیانی لم لەویٚ هەموو شتێك بەسوێند تەواو دەکەن ، ئەوان باوەڕیان بە هەموو مرۆڤێك نەماوە ، ئاخۆ ئەوان بەدرۆ هێندرانە ناو لم کەچی بەڕاستی مردنٍ، تۆئەزانی مردن چەندە ناخۆشە کاتێك بێت هەندێك قسەت مابێت بیکەیت. هەمیشە گلەی ئەوەمان لەمردن هەیە هەست دەکەین ئەو خەدری لێمان کردووە بەقەد گەورەی شتێك کە زەویش ناتوانیٚ هەڵیبگرێت، کاتی ئەوەمان نییە دەبێت زوو بچینە باوەشی لم لەوەتەی هاتوین هەرچاوەڕوانین، چاوەڕوانی مردن و دوشتی زۆر لەیەکەوە نزیکن، کیٚ تۆی هێنا بۆ ئێرە بۆ کەس دەزانی ئێمە لێرەین؟، ئەزانی ژیانی لم لە هەموو ژیانێك ناخۆشترە وە هەندی جار جۆری مردنەکە دەیگۆڕێت، یتر بۆ نازانم سەوزایی رقی لە لم هەڵگرتووە، پێدەچێت لەبەر موقەدەسی ئێسکەکانی ئێمە بێت، ئەی باران بۆ ئێمەی ناوێت زۆر حەزدەکم ناوەوەمان پربێت لە باران، لەوەتەی هاتووین جگە لە لم گوێمان

لەدەنگی بارانێك نەبووە، جوانترین یادگاری كە لەبیری مروڤدا بمێنێتەوەئەوەیە باران لە خەوی هەڵسێنێت، یان بمرێت و باران زیندووە بكاتەوە، دەتۆ دوعایەك لە خواوەند بكە بەڵكو بۆ یەكجار زیندوو ببمەوەو كێلی ئەو دەزگیرانەم ببینم دەڵێن پێش ماوەیەك بەر لەئێستا لەرێگایەكی تۆرەی ئاویدا باوەشی بەدەریادا كردووە مەمنوونی ئەو دەریایەم كە تەرمی ئەو دەسگیرانەمی لای خۆی هەڵگرتووە پاش ماوەیەك دایەوە بە وشكانی، ئەوە ئەو دەریایە كە جارێكی تر منی بەخشی بەرەحمی خۆی، دەبێت جارێكی تر ببینمەوە، هەواڵی ئەم مردنەش باڵندەیەكی كێوی گێرایەوە بۆم جار جارێك رێگە لەو كورە گەنجانەی لای ئێوە دەگرێت تا نشتیمان بە تاراوگە نەگۆڕنەوە.ئەو رۆژەی ئەو باڵندە لە ئاسمانی شینەوە ئەو هەواڵەی لە ئاسمانی شینەوە بۆ بەردامەوە، هەموو رۆژێك دوو جار بە نەفرەتی دەكەم، كاتێك كە خۆر هەڵدێت و كاتێكیش كە ئاوادەبێت، من ئەو كاتە لە گوندەكەی خۆماندا بیستبووم نزا لەو كاتانەدا گیرا دەبێت، تەنها شتێك دەتوانم دوعا كردنە بۆ خۆم هیشتا لەوەش نەگەیشتومە؟ ئەو منداڵە ساوایە تەمەنی چەندە واگەمە بە مەمەلاستیكەكەی دەكات ؟ نازانم. ئەوە دایكی بیست خولەكە بە جێی هیشتووە، جگە لەمەمە لاستیكەكەیی و لم شتێك نیە یاری لەگەڵ بكات، منداڵ ئەو كاتە دەزانێت شتێك هەیە ناوی تەنهاییە ئەزانی منداڵ كە دایكی بۆ زەمەنێكی دیاریكراو لێی ون دەبێت، ئیتر ئەویش بۆ دوا جار دایكی ون دەكات، ئەوە یاسای كەونە پاش كەمێك مەمەكەی دەرهێناو وتی دەزانم سەرت سوڕ دەمێنێت بدوێم، بەلام ئەوەت لە یاد نەچێت ئیتر مەملەكەتی لمە ، لێرە هەموو شتێك پێچەوانەیە، چونكە تۆ لە ناو لمدا نەژیاوی، ئەگەر خوا قەدەری منی نسپاردە بەو شوێنە، ئەزانی تەمەنم ساڵی لای ئێوەو خولەكی لای ئێمە دەبوو، گوێم بۆ رادێرە، تەنها بەسەرهاتێك بەسە بۆ مرۆڤ، ئەگینا وەكو ئێمە بەسەر دێت، پێش گێرانەوە، دەزانی تیژترین شت لەو دنیادا بیری منداڵە، ئای چەند بیری ئەو بێشكەیە دەكەم كە تازە خەریك بوو دەستم دەگەیشتە مازووەكانی ئەو كاتە بیست دەنكە مێخەكی شۆركردبووەوە لاەنكە بۆرەكەم ، باشە بۆ رەنگی بۆر بم بۆ بیست دەنكە مێخەك هەر ئەو كەسانەی قەدەری من شتێكی دیاریكراوە سەیری ئاسمان دەكەم دەزانم لەناو لانكەكەمدا كە دەستەبەم بۆ نوشتە سەوزەكەم ئەویش ئولقەتی بەچاو زهرێكەوە گرتبوو بەسەر سەرمەوە، كە ناتوانم ناچرام هەندی لم و مەم لاستیكەكە بكەمەوە بەدەممەوە، ئەو دەمە دەزانم من لە كوێم، لانكەو لم و ئاسمان و رێسمانیان لە

نێواندایە، توخوا بمبەوە ئەویٚ بیری لانکەکەم دەکەم، لێرە دایکم لمەو ناسنامەکەی خۆی گۆڕیەوە بابیرم نەکات ئەو تازە تۆپەڵی لمە بۆ من، تەنها سڵاوم هەیە بۆ ئازادی و بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان ٢٠ خولەکە، لەجێی من ماچی بێشکە هەڵواسراوەکەم بکەکە بتائێستا دایکم وەك پەیکەرێك بەدیاریەوە وەستاوە، بەقوربانماڵمان لە قادرکەرەمیەکان لەگەڕکی لم شەقامی بیست کۆڵانی بیست وایەزانم ژمارەی خانوەکەمان هەر بیستە، ئارەزوومە (مۆنۆمێنتەکەی ئەبەمەمە ئەنفال من بم) بەڵام بەمەرجی بەمەمە لاستیکەکەمەوە لە لم دروست کرابم ، نازانم بۆچی هەمو شتێك یەکسانە بە لم، ئەم وشانە وەکو سێتێك بگەیەنمە بەرپرسەکان!! من کۆتا منداڵی ناو لمم ئیتر دەنومەوە، ئەو گۆچانەی کەلەدەستی ئەو ئێسکە ئاڵاوە لەدارەکانی گەرمیان دەچێت، ئەو پیاوە پیرە قۆپچەی قاپوتەکەی وەکو خۆی مابون شتەکانی تری هەمووی مردبوون کە لە بەرپابوون، خەمت نەبێت من لە لادێکەی خۆشمان بەناوبانگ بووم لە گێڕانەوەی حیکایەتەکان ، هەمو حیکایەتەکانم لەم عاسایەدا هەڵگرتووە ئەم سەرگوزشتەی ئەی ئاخنمە گوێکانتانەوە لە ئێوارەیەکی شومدا ببو بەدرێژای عومرم ئێوارەی وام بەرچاو نەکەوتبوو، ئێوارەیەك لە برازای قیامەت دەچوو ئاه خودایە نەی گێڕێتەوە لە ئێوارەیەکدا برام لە ئێوارەیەکدا چوومە ناو لم، ئێوارە پێش من هومووو شتێکی تەواو کردبوو،قوائانی ناو مزگەوتەکەم کۆنەکردبۆوە، جەلادەکان پەڕەی قورئان و خۆڵیان ئاوێتە کرد ، ئالەوێشدا زانیم جگە لە ئەهریمەن مرۆڤیش دەتوانێت مزگەوت بڕوخێنێت ،ئێستاش بیری ئەو پەڕە قوئانانە دەکەم تۆ بچۆ لەجێگەی من کۆیان بکەرەوە، بیسوتێنە، نەبادا خوا دوا خەزەبی خۆی لە ئێوە بگرێت، تۆ ئەزانی لەویٚ دەست نوێژم گرد لە لم شکاندم، ئای لم هەموو شتێك دەشکێنێت، ترسی ئەو سەگە ڕەشەش هەمیشە میوانم بوو، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت ئازا ئەو کەسە نییە نەترسیٚ بەڵکو ئەو کەسەیەیە بەرگەی ترس بگرێت، لەو کاتەوە زانیومە سەگی ڕەش دڕندەترین سەگی دنیایە، تاقەتم نییە زۆر بڵێم نەبادا ئەو سەگە بمێنێت، جیاوازی ئەو سەگەی ئەسحاب کەهف لەگەڵ سەگە ڕەشەکەی ناو لم لێك چونێك تەنها بە ناویانە دەنا لە هەموو شتێکدا جیاوزن، ئەو سەگە دڕندەی هەموو سەگەکانی دنیای بۆخۆی بردبوو، ئەم عاسایەوەکو دۆکۆمێتیٚ لە شوێنێکدا بۆ هەڵگرە، تەنها لەپیرۆزی مزگەوت کەمتربێت، ئەبێت ئەو شوێنانە کوێبن کە تابلۆکانی ئێمەیان تێدا هەڵدەواسرێت، دەڵێن ئەو شوێنانە جگە لەویژدانێکی دڕکاوی

هیچی تریان تێدانییە، مرۆڤ لە خۆیدا هەڵیبگرێت و ناوی مۆنۆمێنتی لێبنێ، کوردستان بەرزترین شوێنەلەلوتکەی بەرزدا، نازانم بۆشوێنێك بۆ ئێمە نەماوەتەوە کەچی لە ئاسمان شوێنی تایبەتمان بۆنەخشێنراوە بە جوانیەك تەنها یەزدان خۆی دەزانێت،پێدەچێت هەموو شوێنە بەرزەکان بەرپرسەکان تەلاریان تیا بینا کردبێت، خواکردی ئێسکەکانتان بردەوە لای خۆتان بیست تابلۆ مان بۆ دروست بکەن، بیست بیست لەیەك گۆڕدا بمانشارنەوە بەمەرجێك کێلمان هەبێت ناخۆشترین کارەسات ئەوەیە کە مردوویەك کێلی نەبێت، چونکە گۆڕی بێ کێل مردوویەکی وونە. وەرن بمان بەنەوە ، دوای بەرئەتی ئێسکەکان گوناهی ئێوەی مرۆڤ دەتەزێنێت تائەو کاتەی من قسەکانم دەنوسمەوە، ئا حیبری قەڵەمەکەم بەدەم پیری ئەو عاسایەوە دام بەگلەی وەسیەتی ئێسکێکی تر، خودایە تائەو کاتە تەنها یەك شت نەبوو بانگم نەکا، وای ئەو هەموو ئێسکە دەستیان لە لمەوە دەرهێنابوو تاوەکو خۆیان خاڵی بکەنەوە لە منا، قسەیەکم بۆبکەن لەجێگەی دواین ڕستە لەسەر ڕوبەری (عەرعەر) بۆیان بنوسمەوە، تاچاو بڕ بکات هاوار دەهات، تاچاو بڕ بکات دەنگ گەلێك دەبیسترا لەدەنگی مرۆڤی سەرزەوی نەدەچوو،تا چاو برکات ماچیان دەدامێ گەردەلولەکان لێیان دەسەندم، مرۆڤ لەناو لمدا هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ گەردەلولدا هەڵکات، تائەو کاتە نەمزانیوە گەردەلول بەهێزترە لە مرۆڤ، سەرنجم بوو بەمیوانی ئێسکێك تانوسینەوەی ئەم بەسەرهاتە نەگێڕراوەتەوە بۆ هیچ مەردومێك، بەڵام ئەمە لای کەسێك ویژدانی پێدرابێت، نەك ویژدانێك خۆی بەسەرهاتەکان دروست بکات و دوای ناوی حەقیقەتی لیبنێت، ئێسکێك زۆر جیاوازتر لە ئێسکەکانی تر هەر لەو ئێسکە دەچوو من لە زیهنی خۆمدا ناساندبووم، لەو ڕۆژەوە شارەزای هەموو ئێسکەکان بووم، ناوی هەموو ئێسکەکانم دەزانی، ناساندنی هەر یەکێکیان بەناوی خۆیانەوە، گەورەترین سەرسوڕمان بوو بە لایانەوە، خەریك بوو ناوم بنێن موعجیزە، ئاخر ئەو ئێسکە تەنها لەئیسکێکی عاشق دەکات، نامەکەم وەك خۆی ماوە نامەی عاشق تاکە شتێکە کە لم پێی ناوێرێ، لم هەمیشە لە ئێسکی عاشق و نامەی عاشق دەترسێ، نامەکەی دەستم بۆنی ئەو مەرەکەبەی لێدێت بیست خولەك بەر لەئێستا لە مەغریبێکدا نوسیمەوە، بەتەنیشت کانیەکەوە تائەو دەمە باڵندەکان ئاویان لێدەخواردەوە جەلادێك منی برد، ئیتر زانی عاشقم، دەستی گرتم نیگایەکی لەدەستم کرد دوا پرسیاری من لەو مەغریبەدا ئەوە بوو لەجەلادەکەم کرد، چۆن عاشق دەناسی؟ وتی دەستی جەلاد و دەستی عاشق

پێچەوانەی یەكترن، ها دەستی من و تۆ چۆنە لەو كاتەوەئاوی ئەو كانییەش وشك بوو، چەندین ماسی ناو كانییەكەش وەكو ئێمەیان بەسەرهات من لەبری ماسییەكانیش وشك بوون، چەندین ماسی ناو كانییەكەش وەكو ئێمەیان لێ بەسەر هات من لەبری ماسییەكانیش دەتوانم قسە بكەم چونكە ژیانی من پێچەوانەی ژیانی ماسییە، گرینگترین شت ئەوەیە دڵی ماسی و دڵی ئاشق لەیەك دەچن من تازەترین و جوانترین ئێسكی ناو ئێسكەكانم، تەمەنم بیست خولەك بوو ئەو دەمەی زیلێكی سەربازیم بینی رەنگی لە رەنگی ئەهریمەنێك دەچووپاش كەمێ لە دۆزەخ هاتبێتەوە، لەو زەمەنەوە غەریبیم لە هەموو رەنگەكانە تەنها بەك رەنگ نەبێتمن پێش ئەوەی ئاشق بم تاقانەی دایە بووم ناخۆشترین تاڵاوی ژیانم لەو مەغریبەدابوولەو رۆژەوە لە مەغریب دەترسم و هەموو مەغریبەكانیش دەژمێرم نازانم بۆ! ئەزانیئێستاش چاوەروانی نازەم، بیست هەنگاوی مابوو بمگاتێ ئیتر لەو كاتەوە ونم ئەڵێن ئەویش بیست رۆژ دوای من لە بەندیخانەیەكدا خۆی پێشكەشی مەترو نیویێك لم كردووە، نامەكەم بیست نوسەوە، دواین دێڕیشی لە مینۆمینتێكی وەهمدا هەڵگرە و لەسەر دەرگاكەی بنووسە (نازە ئێستاش چاوەڕوانم) پێدەچێت بەرێزترین عاشقی هەموو دنیابم، بەرلەوەی منیش ببم بەئێسكێك ئەوە ژیانی ناو مەملەكەتی لمە، ئەوە ژیانی ئەوئێسكانەیە كەهەر یەكێكیان ڕوداوگەلێك لەدڵیاندا خۆیان فریوداوە جگە لەمرۆڤ هیچ گیاندارێك توانای هەڵگرتنیانی نیە، لەناو ئەو دنیای لمەدا پێم حەیف بوو باسی ئەم (هەرێمەیان) بۆبكەم، دوای لەگریانیاندا بیابان دەبوو بەدەریا منیش دەخنكام ودەبوم بەتازەترین ئێسك، ئەی كێ ئەم روداوانە بگێڕێتەوە، گێڕانەوەی ئەم حیكایەتانە لام لە دونیا شیرینترو لە خۆم گەورەترە، هیچ قسەیەكم نییە لەبەر ئەوەی ئێرە لە هیچ شتێكی كەم نییە، گوێی ئینسان و ویژدان گەورەترین نیعمەتی خودایە، منیش ئەم رستانەم دا بە گوێتانە تەنها سەربوردەی ئێسك و مەمە لاستیكێك و عەسایەكی دەست و نامەیەكی بۆندار بوو بیست لەچركە بەر لە ئێستا لە ناو لمدا نوسیومە.